

# دوادیدار

**ئازاد ئەرگوشی**

کۆمەڵێک ئافرەت بە ناوی جیهادولنیکاح پێوەندییان بە چەکدارانی داعشەوە کرد. لە بارەگای ئەمیرەکەیان وەک دەستکەوتی شەڕ لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردن! ئەوەی لە هەموویان جوانتر و گەنجتر بوو وەبەر چەکدارێک کەوت، کڵاوێکی ڕەشی لە سەر نابوو کە تا سەر شان و ملی هاتبووە خوارەوە، بە جۆرێ کە تەنیا دوو چاوی لە نێوان تۆپێکی ڕەشدا وەک دوو چاوی گورگ دەبریسکانەوە و بۆ ئەم لاولا دەسووڕانەوە. دەتگوت نێچیرێکی دەست کەوتووە و نایەوێ لە دەستی بدات، ئافرەتەکەی بە پەلکێشی بە دوای خۆیدا ڕاپێچ کرد. فڕێی دایە ناو ژوورێکەوە، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات خێرا دەرگاکەی لەسەر کلیل دا.

ئافرەتەکە لە هەڵسوکەوتی چەکدارەکە سەری سوڕما و لە ژوورەوە هاواری کرد: وابزنم من نەهاتوومە ئێرە زیندانی بکرێم، منیش هاتووم وەک ئێوە جیهاد بکەم، جیهادولنیکاح! ئەگەر تۆش هیچت پێ ناکرێ کەسانی دی هەن، بۆ لەم خێرە بێ بەشم دەکەی؟

چەکدارەکە بە ئاستەم گوێی لە دەنگی ئافرەتەکە بوو، بێ ئەوەی سەرنج بداتە قسەکانی چووە سەر کاری خۆی. هێشتا لە شوێنەکەی جێگیر نەبووبوو تا بیر لە هەنگاوەکانی دیکەی بکاتەوە، لە دوای هێنانی ئافرەتەکە، چەکدارێک خێرا خۆی گەیاندە لای و گوتی: جەنابی ئەمیرەلمؤئمنین داوات دەکات.

بە پەلە خۆی گەیاندە بارەگای ئەمیر.

ئەمیر لە ژوورەکەیدا تەنیا بوو، خەریکی خوێندنەوەی دەستی بوو. بەبێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە گوتی: زانیومە ماڵێکی چاکت دەست کەوتووە، خۆ ئەگەر بەدەستکەوتی شەڕیش بێت بەشێکی ئەمیری هەر تێدایە، وا نییە؟

بەڵێ قوربان، سەر و ماڵمان بە قوربانی ڕێگاتان، تێناگەم مەبەستی بەڕێزتان چییە؟

ئەمیر سەری بەرزکردەوە و گوتی: خۆت لە گێلی مەدە، دەزانی من باسی چی دەکەم، مەبەستم ئەو ئافرەتە جوانەیە کە وەبەرت کەوتووە، ئەگەر ئەمیر داوای دەستکەوتەکەت لێ بکا ئامادەی پێشکەشی بکەی؟

– سەروماڵم بە فیدای بەڕێزتان قوربان، ئامادەم گیانی خۆم پێشکەش بکەم، بەڵام..

– بەڵام چی؟ نەبادا بڵێی لە چاوترووکانێکدا کەتوویتە داوی خۆشەویستییەوە؟

چەکدارەکە سەری چەماندەوە و بە دەنگێکی کزەوە گوتی: ڕەنگە، شتێک بەم ناوەوە هەبێ، خۆشم نازانم چ ناوێکی لێ بنێم.

ئەمیر بە بیستنی قسەکانی چەکدارەکە دایە قاقای پێکەنین و گوتی: تۆ بڵێی ئەمە چ جۆرە بوونەوەرێک بێ، ئەوها بەو خێراییە دەچێتە ناو دڵی مرۆڤەوە، پرسیارێکت لێ دەکەم.

– فەرموو قوربان.

– خۆشەویستی تۆ بۆ ئەم ئافرەتە بایی ئەوەندە هەیە کە گرەو لە سەر ژیانت بکەی؟

– مەبەستت چییە قوربان؟

– مەبەستم ئەوەیە، ئامادەی ژیانی خۆت بخەیتە مەترسی لە پێناوی خۆشەویستیتدا؟ ئەگەر بە ڕاستی ئەم ئافرەتەت خۆش دەوێ، دەبێ خۆشەویستیت ئەوەندە بەهێزبێت کە لە هەر هەلومەرجێکدا بتوانی بەرگری لێ بکەی.

چەکدارەکە کەمێک داما، نەیدەزانی چی بڵێت، دووبارە ئەمیر بێ دەنگی ژوورەکەی شکاند و گوتی: ئەوەی نەتوانێ بەرگری لە خۆشەویستی خۆی بکا، بە گومانم لەوەی بتوانێ بۆ ڕێگای ئەمیرەلموئمنین موریدێکی باش بێ، دڵنیام ناتوانێ بەرگری لە خەلافەتی موسوڵمانانیش بکا.

– قوربان من ئامادەم لە پێناوی ئامانجی موسوڵمانان خۆم بە کوشت بدەم، هەر ئێستا پشتێنێکم بدەرێ و فەرمانێکم پێ بدەن با بڕۆم هەر ئەرکێکم پێ دەسپێرن بەبێ یەکودوو، ئەنجامی دەدەم.

– پێویست ناکات ئەوەندە دوور بڕۆین، ڕێگای ئاسانتر هەیە، ئەوەندەی من بزانم تۆ لە بواری یاری بۆکسێندا شارەزا و بە دەسەڵاتی، دەتوانین ئەم شەو یارییەک ڕێک بخەین، پێت چۆنە؟ من و تۆ! دەتوانین یارییەکە لە هۆڵی ڕاهێنان ئەنجام بدەین، چ دەڵێی؟ هەر کەسێکمان بردییەوە ئەوە ئافرەتەکە وەبەر ئەو دەکەوێ.

چەکدارەکە بە گومانەوە گوتی: بەڵام قوربان من زۆر لەوە بچووکترم، زاتی ئەوەم نییە لەگەڵ بەڕێزتان ڕووبەڕوو ببمەوە.

– عیشق هەموو سنوورەکان دەبەزێنێ، عاشق بیر لەو شتانە ناکاتەوە، بڕۆ خۆت ئامادە بکە!

چەکدارەکە هەستی کرد ئەمیر بۆ بەدەستهێنانی ئافرەتەکە بڕیاری خۆی داوە، دەیەوێ بە هەر نرخێک بێ بەدەستی بێنێ، بۆیە ناچار بوو پێشنیارەکەی ئەمیر پەسەند بکا، لە داخاندا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: باشە قوربان، بەڵام داواکارییەکم هەیە.

بڵێ، بزانم چیت دەوێ.

– یەکەم داواکاریم ئەوەیە، دەمەوێ بە دەموچاوی شاراوەوە بەشداری لە یارییەکە بکەم، نامەوێ کەس بمناسێتەوە.

– بۆ؟

– بەڕێزم، ئەگەر من بردمەوە نامەوێ خەڵک بزانێ کە ئەمیرەکەیان لەگەڵ کێ دۆڕاندوویەتی، نامەوێ لە داهاتوودا خەڵک بە یەکتری بڵێنەوە ئەوە ئەو پیاوەیە کە لە ئەمیری بردووەتەوە.

ئەمیر دایە قاقای پێکەنین و بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی: خۆشحاڵم لەوەی کە موجاهدێکی وەک تۆم هەیە کە ئەوەندە بە متمانەوە قسە دەکات، باشە کێشەم نییە، ئەی مەرجی دووەمت؟

– حەز دەکەم تا دەستپێکردنی یارییەکە ئافرەتەکە لای من بمێنێتەوە.

دوای ماوەیەک بێ دەنگی، ئەمیر گوتی: باشە، بەڵام نابێ لێوەی نزیک بکەویتەوە، جا بۆ ئەوەی دڵنیابم ئافرەتەکە لە ژوورێک دادەنێی، منیش بۆ پاسەوانی ئەو پاسەوانێکی خۆم دەنێرم.

چەکدار بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر داما، بەڵام هیچ چارەی نەبوو، بێجگە لە قبووڵکردن، بە نیگەرانییەوە گوتی: باشە بەڕێزم چۆنت پێ باشە با وابێ.

– کەواتە بڕۆ خۆت بۆ ئەمشەو ئامادە بکە.

چەکدارەکە نائومێد و خەمناک چووە دەرەوە، نیگەران بوو بۆ چارەنووسی ئافرەتەکە.

ئەمیر کاربەدەستانی بانگ کرد. فەرمانی پێدان کە

شوێنێک لە هۆڵی ڕاهێنان بۆ یاری بۆکسێن ئامادە بکەن، ئەم شەوە بۆ خۆمان تەماشای یارییەکی بۆکسێن دەکەین. کاربەدەستان بێ ئەوەی بزانن کێن ئەو کەسانەی لەم یارییەدا بەشداری دەکەن، خێرا دەستیان بەئامادەکردنی شوێنەکە کرد. شەو داهات و کۆمەڵێک چەکدار لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبوون، چاوەڕێی دەستپێکردنی یارییەکە بوون. بێ ئەوەی بزانن ئەم دوو بەشداربووە کێن؟ بۆیە گشتیان بێ ئۆقرە چاویان بڕیبووە دەرگای هۆڵەکە، دەیانویست بزانن یەکەم کەس کێیە دێتە شوێنی یارییەکە. کاتێک ئەمیر هات، ئافرەتێکی جوان و جحێڵی لەگەڵدا بوو، ئامادەبووانی چاو برسی لەبەر ئافرەتەکە ئاگایان لە ئەمیرەکەیان نەما بوو، بە گەیشتنی ئەمیر ئامادەبووان لەبەری هەستانەوە. ئەمیر لەگەڵ ئافرەتەکە هات و لە شوێنی خۆی دانیشت. ئافرەتەکەش لە سەر کورسییەک دانیشت کە بە جیا لەوێ بۆی دانرابوو. ئامادەبووان بە دەمی کراوە و واقی وڕماوەوە تەماشای ئافرەتەکەیان دەکرد، وەک بڵێی بە تەمای قووتدانی ئافرەتەکە بن. کەس نەیدەزانی بوونی ئافرەتەکە چ پێوەندییەکی بە بەرنامەی ئەم شەوەوە هەیە، ناکرێ ئەمە خێزانی ئەمیر بێ، چونکە ماڵ و منداڵی لە ئەورووپا بوون. سەرەنجام چاوەڕوانی کۆتایی هات، پیاوێک بە جلوبەرگی ئەفغانییەوە بە ڕوخساری شاراوەوە لە شوێنی دیاریکراو بۆ یاری بۆکسێن ئامادە بوو، دووجار لە بەرانبەری ئەمیر و ئامادەبووان چەمایەوە و کڕنۆشی برد. چاوەڕێی هاتنی ڕکابەرەکەی بوو، ئامادەبووان چاوەڕێی کەسی دووەمیان دەکرد، گشتیان چاویان لە دەرگای هۆڵەکە بوو، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییان، کەسی دووەم، کەس نەبوو بێجگە لە ئەمیرەکەیان، ئەمیر لە شوێنی خۆی هەستایەوە و هەردوو دەستی بەرزکردەوە، چاکەتەکەی داکەند، مێزەرەکەی لە سەر کورسییەکەی دانا، ئەمجا بە بڕوابەخۆبوونەوە چووە شوێنی یاری بۆکسێنەوە. ئامادەبووان بە بینینی ئەمیرەکەیان، یەک دەنگ دەستیان کرد بە هاندان و چەپڵەڕێزان و فیکە لێدان و سەڵەوات لێدان. یارییەکە دەستی پێکرد. سەرەتای یارییەکە لە بەرژەوەندی چەکدارەکەدا بوو، بەڵام زۆری نەخایاند وردە وردە بارودۆخەکە گۆڕاو و یارییەکە لە بەرژەوەندی ئەمیر شکایەوە. سەرەنجام چەکدارەکە لە هێز و توانایی خۆی کەوت و ئەمیر چۆکی پێ دادا. ئەمیر لە پشتەوە دەستی بردە ژێر چەناگەی ڕکابەرەکەی، پاشان بە دەستێکی دیکە خەنجەرەکەی لە بەرپشتی دەرهێنا، لە بەرچاوی ئامادەبووان زۆر بە لەخۆباییانە خەنجەرەکەی بە ملی چەکدارەکەدا هێنا، لە چاوترووکانێکدا خوێن فیچقەی کردە دەموچاوی ئەمیر و قوربانییەکەش لە ژێر دەستیدا لە پەلەقاژەی مەرگدا بوو. ئامادەبووانیش بە دەم گیاندەرچوونی برادەرەکەیان و خەنجەرکێشانی ئەمیر بە قوڕگی ئەودا خەریکی فیکە و چەپڵە لێدان بوون! لە نێوان ئامادەبوواندا تەنیا ئافرەتەکە بوو کە خەریک بوو لە ترساندا ڕوحی دەردەچوو. ئەمیر وەک دڕندەیەکی سەرکەوتوو بە دەست و پەنجە و دەموچاوی خوێناوییەوە کەللەسەری قوربانییەکەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و بەرزی دەکردەوە، چاوە دەرپەڕیوەکانی قوربانی هێشتا ڕووی نیگای لە ئامادەبوواندا بوو، زۆر بێ بەزەیییانە پڕ بە دڵ لە قاقای پێکەنینی دا و سەرمەستانە کەللەسەرەکەی فڕێ دایە بەر پێی ئافرەتەکە و گوتی: فەرموو پێشکەشە بە تۆ! بێ دەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، تەنانەت دەنگی هەناسەیەکیشیان لێوە نەدەهات. ئافرەتەکە بەڕەنگی زەردهەڵگەڕاو و زمان بەستووەوە تەماشای ئەو دیمەنە سامناکەی دەکرد. چاوی بڕیبووە ڕوخساری کەللەسەری قوربانییەکە، کە لەبەر پێیدا کەوتبوو، هێشتا هەناسە و گەرمایی ژیانی پێوە دیار بوو. لەپڕ ئافرەتەکە بە هەموو هێز و تواناییەوە هاواری کرد: براگیان..!!

**٢٠١٤/١٢/١٤**